## تیرۆریستان هەرمایە پووچ دەبن ... مەحمود ئەحمد عەزیز

ئەوەی تیرۆریستەکان ئەمڕۆ لەعیراق دەیکەن، تەنها دژی خەڵکی عیراق نییە بەڵکودژی هەموو هەموو مرۆڤایەتییەو تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنێت و هیچ جیاوازییەك لەنێوان ژن و منداڵ و گەورەو بچووکدا ناکات. هەر بۆیە هەموو مرۆڤێکی بەویژدان خۆی لەسەنگەری دژە تیرۆردا دەبینێتەوە.
تیرۆریستەکان ناویان لە کردەوە شەڕەنگێزەکانی خۆیان ناوە جیهاد و خۆشیان بەخەڵکێکی ئاسایی ناودەبەن، لەکاتێکدا هەموو کارەکانیان بریتییە لەکوشتن و سەربڕین و لەتوپوتکردنی خەڵکی بێگوناح. هەر بۆیە ئەرکی هەموو هاووڵاتی و قوتابی و رۆشنبیرو سیاسەتمەدارو حکومەت و دەوڵەتێکە رووبورووی ئەو پیاوکوژانە ببێتەوە تاکو چیتر بواری تەقاندنەوەو کوشتوبڕیان نەبێ.
ئێمە هەمووومان هەست بەوە دەکەین کە تیرۆر ناسنامەو وڵات و ئاکارێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام ستراتیژێکی دیاریکراوی هەیە کەبریتییە لە: زاڵبوون بەسەر کۆمەڵکاو مرۆڤەکان بەزەبری هێزی ترس و تۆقاندن، تەنها لەبەر ئەوەی بە مەرامە توندرەوەکانی خۆیان بگەن. بۆیە سڵ لەوە ناکەنەوە کە هەزاران خەڵکی بێتاوان بکوژن، هەروەك لە کارەساتی 11 سێپتەمبەری ئەمریکاو تەقینەوەکانی هێلی شەمەندەفەری ئیسپانیاو ئەندەرگراوندی لەندەن دا کردیان.
بەڵام دنیای ئەمڕۆ دنیای دیموکراسی و لێك گەیشتن و مافەکانی مرۆڤەو تازە مەحاڵە چەند گروپێك کەهێشتا لە تاریکیدا دەژین، بتوانن رەورەوەی شارستانیەت بەرو دواوە ببەن و مرۆڤەکان ناچارکەن بچنەوە ژێر رکێفی چەوساندنەوەو تۆقاندن.
دەبێ هەمووشمان ئەو راستییە باش بزانین کە دژایەتیکردنی تیرۆر تەنها ئەرکی حکومەتەکان نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو هاووڵاتییەکە لەپێش هەمووشیاندا، ئەرکی رۆشنبیرانە.